ئەنجومەنی سیاسیی نیشتمانی داوا لە سەرۆك كۆمار دەكەن پەلە بكات لە دیاریكردنی وادەی یەكەم دانیشتنی پەرلەمان

ئەنجومەنی سیاسیی نیشتمانی سوننەكان ڕایانگەیاند، داوا لە سەرۆك كۆماری عێراق دەكەن پەلە بكات لە دیاریكردنی وادەی یەكەم دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەران و هەڵبژاردنی دەستەی سەرپەرشتیاری و پێشنیازیش دەكەن، "پێش 25ی ئەم مانگە، بەپێی بڕگەكانی مادەی 54ی دەستور یەكەم دانیشتنی پەرلەمان بەڕێوە بچێت".

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێكی ئەنجومەنی سیاسی سوننەكان، ئێوارەی ئەمڕۆ یەكشەممە لە بارەگای موسەننا سامەڕائی سەرۆكی هاوپەیمانی عەزم لە بەغدا، بە بەشداری سەركردەی ئەو لایەن و هاوپەیمانییانەی كە ئەنجومەنەكە پێكدەهێنن، كۆبونەوەیەكیان ئەنجامداوە، لەكۆبونەوەكەدا پێشوازیان لە پەسەندكردنی ئەنجامەكانی هەڵبژاردن لەلایەن دادگای باڵای فیدراڵی كردوە، هەروەها ئەنجومەنەكە ستایشی هەوڵەكانی كەمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان و دەستەی دادوەری كرد لە تەواوكردنی پرۆسەی هەڵبژاردن بە خولی شەشەمی پەرلەمان.

ئامادەبوانی كۆبونەوەكە باسیان لە مەرجە دەستوریيەكان و دیدگای ئەنجومەنی سیاسی

نیشتمانی کرد سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتی داهاتو و بەرنامەکەی، ئەو ئاستەنگانەی کە ڕوبەڕووی دەبێتەوە، جەختیشیان لە گرنگی پەیوەندی لەگەڵ هاوبەشە سیاسییەکان کردەوە بۆ خێراترکردنی پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ کە توانای جێبەجێکردنی خواستەکانی گەلی عێراقی هەبێت و دەستنیشانکردنی کارە لەپێشینەکان کە پێویستە لەبەرنامەی حکومیدا دیاریبکرێن.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، ئەنجومەنی سیاسی نیشتمانی داوای لە سەرۆك کۆمار کردوە "پەلە بکات لە دیاریکردنی وادەیەك بۆ یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەران و هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان و هەردو جێگرەکەی، پێشنیازیش دەکات پێش 25ی کانونی یەکەم، بەپێی بڕگەکانی مادەی 54ی دەستور بەڕێوەبچێت".